www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:06 3-4-2007

## نامەیەک بۆ ئەوانەی وێنەی هونەرمەندان دەشێوێنن ... ئاری ئازاد



هەڵواسینی وێنەی هونەرمەندان یەکێکە لەو کارە شارستانیانەیەی کە شارەوانی شارەکانی کوردستان و کۆمپانیا هونەریەکانی کوردستان ماوەیەکە هەڵساون بەو کارە ئەویش بەپێی ریزبەندی بڵاوبوونەوەی ئەلبوومی هونەرمەندان وێنەکانیان بەشێوازێکی هونەری زۆر جوان لەسەر رێگای نێوان شار و شارۆچکەکان هەڵدەواسرێت بەڵام بەداخەوە چۆن ئەوان خەریکی ئەو کارە جوانەن کۆمەڵێکی تریش کاریان تەنیا شێواندن و تێکدانی ئەو وێنانەیە من لێرەوە پرسیارێك ئاراستەی ئەو کەسە دۆڕاوانە لە ژیان دەکەم بۆ کاتێك هونەرمەندێکی غەیرە کورد دێتە کوردستان لەناو هۆڵەکان وەك ئەوەی خوێندکار مامۆستا چاودێری بکات دادەنیشن و وێنەکانیان بەجوانی دەهێڵنەوە بەڵام بۆ ئەوانەی خۆمان وان ئەو هونەرمەندانەش یەك و دووان نین کە وێنەیان وا دەشێوێندرێت من لێرە دەڵێم ئەو هونەرمەندانە زۆر لەوە بەرێزتر و گەورەترن کەوایان بەرامبەر بکرێت چونکە ئەوان خاوەنی سرودی نیشتمانی تایبەت بە کوردستان یادەکانی گەلی کوردن نەك ئێوەی دۆراو لە ژیان بۆیە تازوە هەقوایە حکومەتی کوردستان ئیشێك بۆ ئەو بێ ئیشانە بدۆزێتەوە.

ـ هەولێر
ariazad999@yahoo. com
ariazad999@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.